# حکومەتی هەرێم لەپێناو درێژدان بە گەندەڵی ناوی هێزە ئەمنییەکانی کوردستان نادات بە بەغدا

چەمان مەحەمەد، ڕێکخەری یاسایی بزوتنەوەی گۆڕان بە میدیای فەرمی حزبەکەی ڕاگەیاند، هەرێم لەپێناو درێژدان بە گەندەڵی ناوی هێزە ئەمنییەکان نادات بە بەغدا نەک لەبەر پرسی ئاسایشی نیشتیمانی.

وتیشی: هەرێم دەیەوێت بەغدا بگەترێ مووچەی هێزە ئەمنییەکان ڕوانە بکات.

بەوتەی چەمان مەحەمەد، هەرێمی کوردستان یاری بە

کات دەکات و دەستی بە بەغدا دەکات، بەڵام دواتریش خۆی تەسلیم دەکات.

ڕێکخەری ژووری یاسایی گۆڕان پێیوایە بەشێکی دیکە لە نەناردنی ناوی هێزە ئەمنییەکان پێیوستە بە بونی هێزی "ئێرانی و سوری" لە لیستی مووچەی هێزەکانی پێشمەرگە، کە ئەوش قەبارەی هێزی پێشمەرگەی زێر کردوە و وتیشی: "لە هیچ شوێنێکدا نییە هەرەمێکی شەش ملیۆنی 324 هەزار هێزی ئەمنی هەبێت".

بە چارەسەری ئەو کێشەیە، چەمان مەحەمەد پێی وایە "دەبێت هەرێم لیستی ناوی هێزە ئەمنییەکان ڕوانەی بەغدا بکات تا ئەو کاتەی پێسەی تەوتین کەتایی دێت".